**چەند پەیڤێ لەنێوانماندا**

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر/قەلادزێ**
Kazhal_3@hotmail.com

١

**دەتوانی دەستم بگریت بۆ سەما**

**قژم بدەی بەسەر شانتا**

**بەلام هیچ کاتێك ناتوانی**

**بەربەستێ بی**

**لەئاستی تیرۆرکردنما؟!**

٢

**پایز گەلاکانی زەرد کرد**

**خۆیان وەراند**

**کیژێك کراسەکەی خۆی زەرد کرد**

**رەشەبا لەبەریا دڕاند**

**کاتێك سیما گەشەکەی تۆ**

**زەرد هەڵگەڕا**

**چی درەختی ئەم شارە بوو**

بەری ئاسمانیان تەنی بوو
پەردەیاندا بەرووی خۆردا؟
٣
چاوت دەکەیت باڵندە
دەیبەخشیتە هێلانەی من
لێوت دەکەیتە خونچەیەك
دەیدەیت لەئێخەو سنگی من
بەڵام تا ئێستا ناتوانی
دەستەکانت بکەیتە چەقۆ
بۆ بڕینی ئەو زمانانەی
بوونە مایەی ئازاری من
٤
تۆ بەشێکی لەگیانی من
منیش بەشێك لەگیانی تۆ
بەڵام تاکوو رۆژی مردن
گەربگەم بەسێبەری خۆم ،
ناگەم بەتۆ؟
٥

بەشەو میوانی دڵ نابی

بەرۆژیش هەرگیز هەرنایەی

تۆ ئەستێرەی لەخۆر وون بی

یاخۆریت لەشەو هەڵنایەی ؟

٦

سەرت بنێ بەسنگمەوە

لەمن زیاتر کەسێ نیە

لەئازاری دڵەی پەشۆکاوت بگا

کەسێ نیە

وانەی عەشقی لەگەڵ خوێندبی

کێ لەزمانی هەناسەی

دەرونت دەگا

٧

عاشقێك هەیە

لەتۆ دەچێ لەتۆ ناچێ

جوانێك هەیە

لەتۆ دەچێ لەتۆ ناچێ

چەند دەمەوێ

لەدەرگای دڵێکی تر بدەم

هیچ دەرگایەك

لەدەرگای دڵت ناچێ

٨

دڵێك دوو دڵ سێ دڵ

دەیکەم بەمەنزڵگایەك

بۆ حەوانەوەی گیانی تۆ

چاوێك دووچاوو سەدان چاو

بۆ بینینی پەپوولەی حەزەکانی تۆ

لێوێك دوو لێو دەیان لێو

بۆناوهێنانی ناوی تۆ

گەر ئەمانەش هیچیان نەمان

رۆحم دەکەمە فیدای تۆ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟